پۆلیسی ئێران: بکوژی سەرکی هونەرمەند داریوش میهرجوویی و خێزانەکەی دەستگیرکرا

پۆلیسی ئێران رایگەیاند، بکوژی سەرکی، دەرهێنەر داریوش میهرجوویی، دەستگیرکردووە، کە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، لەگەڵ هاوسەرکەیدا بە چەقۆ کوژرا.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، ئاژانسی هەواڵی تەسنیم لە زاری پۆلیسەوە باڵاویکردۆتەوە، بەهۆی "پشکنینی تەکنیکی و لێپرسینەوە، توانرا بکوژی سەرکی هونەرمەندەکە لێنەو ئەو کەسانەی کە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون دەستنیشان بکرێت".

پۆلیس ئاماژەی بۆشکرد، "هەشتا لەکۆمینەوە بردەوامە بە دەستنیشانکردنی هاوبەشەکانی ئەم تاوانە و دەزینەوەی لایەنە شاراوەکانی".

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، هونەرمەندی بەناوبانگی سینەمای ئێرانی داریوش میهرجوویی، تەمەن 83 ساڵ لەگەڵ هاوسەرکەی، وەحیدە محەمەدی فەر، سیناریۆنووسی تەمەن 54 ساڵ، لە ناو ماڵەکەیان لە کەرەج لە ڕۆژئاوای پایتەختی ئێران کوژران.

ئاژانسی "میزان ئۆنلاین" ڕایگەیاند، لە چوارچێوەی لەکۆمینەوەکاندا، پۆلیس 10 کەسی دەستگیرکردووە، بەبێ ئەوەی وردەکاری لەبارەی پاڵنراوەکانی ئەو کوشتنە بخاتەوو.